Komala Party – Iranian Kurdistan
Committe in Holand

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی هۆڵەند

# ڕاپۆرتی ڕێورەسمی بەڕێوە چوونی ڕۆژی کۆمەڵە لە هۆڵەند

ئێوارەی رۆژی شەممە۱۶ی مانگی فێوریەی ۲۰۰۸ لە شاری ئایندۆڤێن لە هۆڵەند مەراسمی گەرمو گوری رۆژی کۆمەڵە بە بەشداری کۆمەڵێک لە کوردەکانی دانیشتوی هۆڵەند ونوێنەرانی حیزبە کوردستانی و ئێرانیەکان، بەرێوە چوو.

هاوڕێ تۆفیق ئەلیاسی بەرێوەبەری ئاهەنگی رۆژی کۆمەڵە وێڕای بەخیرهاتنی بەشداربووانی ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە ڕیزی بەرنامەکانی مەراسمەکەی ڕاگەیاند. ئاهەنگی رۆژی کۆمەڵە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی هەموو گیانبەخت کردووانی کۆمەڵە و ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم و ڕێزگرتن لە یادی هەموو گیانبەخت کردووانی ریگای ڕزگاری گەلی کورد دەستی پێکرد، بێدەنگیەکە بە سروودی کۆمەڵە شکا.

بە دوایی‌دا هاوڕێ فایەق مەحموودی کادری کۆمەڵە، پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی پێشکەشی بەشدار بووانی مەراسمی ڕۆژی کۆمەڵە کرد. هاوری فایەق لە بەشێک لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە، گۆرینی پێکهاتەی سیاسی ئێران بۆ سیستمێکی دێمۆکراتیک و فێدراتیو، لە روانگەی ئێمەوە سەر چاوەی بەشێکی هەرە زۆری گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە. ئێرانی داهاتوو بەبێ سیاسەتی ڕوون و ئاشکرا و بە کردەوە دەربارەی بەرەسمی ناسینی مافی نەتەوەکانی ئێران، بەبێ یەگرتوو ییەکی سیاسی خوازراو و بەبی سەقامگیر بوونی حکوومەتێکی دیمۆکراتیک و فیدراڵ و سێکۆلار، ئارامی بە خۆیەوە نابینێ، دەبێ کۆتایی بە سەرکوتی سەدان ساڵە گەلانی ئێران بێت، پاراستنی یەکپارچەیی ئێران بە زەبری سوپا و سەرکوت و لەشکرکێشان و بێبەش کردنی گەلان لە سەر چاوە ماڵی و ئابووریەکان بۆ هەمیشە لەخشتە ببرێ و ئێرانی داهاتوو تەنیاو لەسەر ئەساسی یەکگرتوییەکی خوازراو و پێناسەیەکی یاسایی و پاراستنی هەموو بەهاکانی ژیانی نەتەوەکانی ئێران کە لە سیستمێکی سێکۆلار و دیمکۆراتیک وفیدراتیودا خۆی دە بینێتەوە، بنیاد دەنرێ.

به دواییدا پەیامی ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە و هەروەها پەیام و پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە لە لایەن نوێنەرانی خۆیانەوە پێشکەش کرا کە بریتی بوون لە:

1. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
2. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
3. پارتی ئازادی کوردستان
4. حزبی دیمۆکراتی کوردستان
5. پارتی دێمۆکراتی کوردستانی باکوور
6. سازمانی فیداییانی خەڵکی ئێران ئەکسەریەت
7. پارتی سوسیالیستی کوردستان
8. پارتی کاری سەر بەخۆی کوردستان

بەشی دووەمی ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە برریتی بوو لە گۆرانی هەڵپەرکێ و موزیک کە هەتا کاتژمێر دووی پاش نیوە شەو درێژەی هەبوو.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## ڕێکخراوی هۆڵەند

۱۹ ۰۲ ۲۰۰۸

www.komala.org
**E-mail:** komala_no@hotmail.com